ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان
KCCRC
Research Paper
Email:kccrc@kurdistanc.com
Political Studies PS
توێژینەوەی سیاسی

# هەواڵگری و سیاسەتی ئاسایشی نیشتیمانی ئەمریکا

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

نووسینی: د. ڕیچارد بێست *

وەرگێڕانی: د. صابر حسن رسول

دامەزراوەی هەواڵگری ئەمریکا بەردەوام بووەتە جێی ڕەخنە لەبەرامبەر شێوازی لێکۆڵینەوەی تۆمەتبارو ناردنیان بۆ دەرەوەی ئەمریکا (وەك گوانتانامۆ) کە لای زۆرێك لە هاوڵاتیانی ئەمریکی کارێکی نامۆیە، هەروەها لەبەرامبەر چالاکی وەك پەرەپێدانی سیستەمی چاودێری کە زۆرێك لە ئازادیە مەدەنیەکانی هاوڵاتیانی ئەمریکا پێشێل دەکات. زۆرجار دەزگا هەواڵگریەکانی ئەمریکا وا دەبینرێن کە بەها باڵاکانی کۆمەڵگەی ئەمریکی پێشێل دەکەن لەڕێگەی یاساشکێنی و لێنەهاتوویانەوە، هەروەها ئەم دەزگایانە وا دەبینرێن کە تەنها سودێکی کەمیان گەیاندووە بە ئاسایشی نیشتیمانی. زۆربەی ئەو بابەتە ئەکادیمیانەی لەسەر هەواڵگری ئەمریکی نووسراون لە جوغزێکی بەرتەسکدا تیشك دەخەنە سەر بڵاوبوونەوەی زانیاریە هەواڵگریەکان و مێژووی ڕێکخراوەیی ئاژانسە هەواڵگریەکان و ژیاننامەی سیخورە کاریگەرەکان .

لەدیدی مێژووییەوە هەڵبسەنگێنرێن

کاری ئاژانسە هەواڵگرییەکان پاساو هەڵناگەرێ. بە دڵنیاییەوە هەڵە کراوە، یاسا شکێنراوە، سنوری ڕێساکان بەزێنراوە، بەڵام ئاژانسە هەواڵگریەکان شایەنی ئەوەن وەك هەر دامەزراوەیەکی تری حکومی لە دیدی مێژووییەوە هەڵبسەنگێنرێن و حوکمان لەسەر بدرێت. دەزگای هەواڵگری وەك بەشێکی دانەبڕاو لە سیاسەتی بەرگری و دەرەوە، شیاوی ئەوەیە توێژینەوەی زانستی ووردی لەبارەوە بکرێت. یەکێك لە گرفتەکانی توێژینەوەی زانستی لەو بارەیەوە پۆلێنکردنی دەزگا هەواڵگریەکانە، کە هاوشێوەی لایەنگریی سیاسی گرفتدارە. هەندێجار مێژووی هەواڵگری دەبێتە سەرچاوەیەکی لەبار بۆ پسپۆڕان و مامۆستایانی زانکۆ و پرۆگرامەکانی خوێندنی زانکۆیی بۆ ئامادەکردنی خوێندکار بۆ کارکردن لە دەزگا حکومیەکان. ئەوەی قسەی کەمی لەبارەوە کراوە ڕۆڵی دەزگا هەواڵگریەکانە لەو چالاکیانەی بەهەماهەنگی لەگەڵ دەزگاکانی تر ئەنجامی داوە بۆ پەرەدان بە ستراتیجی ئاسایشی نیشتیمانی و گرتنەبەری میکانیزمی جێبەجێکردنی ئەو ستراتیجانە. ئەوەی شایەنی سەرنجە، هەماهەنگی نێوان دەزگا هەواڵگریەکان و سیاسەت داڕشتنە لەڕووی خزمەتکردن بە تواناو ستراتیجی چەکی ناوکی ئەمریکا چەند دەیەیەك دوای

جەنگی جیهانی دووەم، هەروەها لەڕووی هەوڵەکانی کەمکردنەوەی مەترسی ناوەکی لەڕووی ئیدارەدانی کۆنترۆڵی چەکەوە. دامەزراوەی هەواڵگری ڕۆڵکی کاریگەری بینیووە لە هەوڵدان بۆ پەرەدان بە سیستەمی پێشکەوتووی چەکی تەقلیدی (ئاسایی) و بەرزکردنەوەی توانای ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆن کە لەوانەیە ببنە جێگرەوەی چەکی ناوەکی لە ململانێکانی داهاتوودا.

چەندین هۆکار هەن بۆ فەرامۆشکردنی ڕۆڵی هەواڵگری. شێوازی هەوڵگری گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە لەو کاتەوەی کە کاری هەواڵگری تایبەت بوو بە ئەفسەرە باڵاکان کە بەهێمنی خۆیان دەکرد بە نوسینگەی سەرۆکایەتیدا بۆ گەیاندنی پوختەی ئەو زانیاریانەی کە لە سەرچاوی نهێنیەوە وەریانگرتبوو بە سەرۆك. ئێستا هەواڵگری ئەمریکی لە شانزە ئاژانس پێکهاتووە کە ساڵانە بودجەیەکی ٧٠ ملیار دۆلاری بۆ تەرخان دەکرێت.بەگشتی ئەرکی ئاژانسە هەواڵگریەکان هاوکاری سیاسەت داڕێژەران و بەرپرسانی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانە هەر لە کۆشکی سپیەوە تا دەگاتە بنکە سەربازیە ئەمریکیەکان لە ناوچە لادێ نشینەکانی ئەفغانستان. هەواڵگری چەندین کار لە خۆ دەگرێت (لەوانە، کاری سیخوڕیکی کلاسیکی، چاودێری پەیوەندیەکان، چاودێری ئاسمانی)، هەروەها بۆ پاڵپشتی ئەم کار و چالاکیانە بەشێوەیەکی سیستەماتیکی سود لە زانیاری سەرچاوە ئاشکراکان وەردەگیرێت. دامەزراوەی وەك ئاژانسی هەواڵگری ناوەندی (سی ئای ئەی) و ئۆفیسی نیشتیمانی بۆ چاودێری سەربازی لە ڕێگەی مانگی دەستکردەوە لەگەڵ ئاژانسی ئاسایشی نیشتیمانی وەك سەرمایەی نیشتیمانی تەماشا دەکرێن و لەژێر کۆنترۆڵی سیاسەتداڕێژەرانی واشنتۆندان. سیستەمی دیکەی هەواڵگری هەن کە لەلایەن فەرماندە سەربازیەکانەوە بەڕێوەدەبرێن و ئاڕاستە دەکرێن. دەزگا هەواڵگریە نیشتیمانیەکان و ئەو دەزگا هەواڵگریانەی بەشێکن لە فەرمانگەکانی تر تەنها لە ڕووی بەڕێوەبردن و دابینکردنی بودجەوە جیاوازن، ئەوەی گرنگە بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان وەرگرتنی زانیاری دروستە، ئیتر گرنگ نیە سەرچاوەی زانیاریەکان کامەیە. شرۆڤەکاران لە چەندەها سەرچاوەی هەواڵگری جیاوازەوە زانیاری کۆدەکەنەوە بۆئەوەی وێنەیەکی دروستی زانیاریەکان لە ڕێگەی بەکارهێنانی تەنکەلۆژیای مۆدێرنی زانیاریەوە بگەیەنن بە لایەنە پەیوەندیدارەکان لە تەواوی جیهاندا.

بۆ لێکوڵینەوە لە پەیوەندی نێوان ئاژانسە هەواڵگریەکان و سیاسەت داڕێژەرانی ئەمریکا پێویستە زانیاری قوڵیمان هەبێت لەبارەی مێژووی سیاسەتی ئاسایشی دوای جەنگی جیهانی دووەم.بەدواداچوونێکی کورت دەریدەخات کە هەواڵگری ڕۆڵێکی گەورە و کاریگەری هەبووە لە سیاسەتی ئاسایشی ئەمریکا لە بەرگری لە خاکەکەی و بەرژەوەندیەکان و هاوپەیمانەکانی. هەرچەندە بەشێك لە مێژووی هەواڵگری جێگەی ڕەخنەی جددیە، بەڵام پێویستە بە هاوسەنگی هەڵسەنگاندن بۆ سەرکەوتنەکانی یان شکستەکانی ئاژانسە هەواڵگریەکانی ئەمریکا بکەین، بە لەبەرچاوگرتنی ڕۆڵی هەواڵگری لە چوارچێوەی فراوانی سیاسەت و ئۆپەراسیۆنەکانی ئەمریکا.

## پاڵپشتی هەواڵگری بۆ ستراتیجی ناوەکی

له ساڵانی پرکێشەی دوای جەنگی جیهانی دووەم، ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هەوڵیاندا ستراتیجێکی سەربازی دابنێین کە لەڕێگەیەوە بتوانن بەر لە پەلاماری دوژمنان بگرن بێ ئەوەی پەنا ببەنە بەر ڕووبووبوونەوەی چەکداریی. ئیدارەی هاری ترومان سەرەتا پشتی بە چەکی ئەتۆمی دەبەست بۆ دروستکردنی کاریگەری نێودەوڵەتی، بەڵام هەر زوو دەرکەوت کە بۆ سەرکەوتن لە ستراتیجی سەربازیدا تەنها بەرهەمهێنانی بۆمبی زیاتری ئەتۆمی بەس نیە، بەڵکو بەکارهێنانی ئەو بۆمبانە پێویستی بە پلانی کاریگەرە، ئەمەش هەنگاوێکی سەخت بوو لەکاتێکدا سۆڤیەت خاکێکی فراوانی لەبەر دەستدابوو، هەروەها پەیڕەوی لە پلانی نهێنی دەکرد. بۆیە دەبوو بنکە و پێگە سەربازیەکان دیاریبکرێن بۆ هێرشکردنە سەریان لە حاڵەتی هەڵگیرسانی جەنگدا، سیاسەتی دیاریکردنی ئامانجەکان هەنگاوێکی زۆر گرنگ بوو و پێویستی بە گفتوگۆی فراوان بوو. بۆ دیاریکردنی ئامانجەکان لە دەرەوەی شارەکان، بە تایبەت ئامانجە هەستیارەکان کە زۆربەی جار شاراوەبوون، پێویست بوو زانیاری چڕوپڕ لەبەر دەستدابێت .

بەکارهێنانی یەکەم بۆمبی ئەتۆمی لەلایەن ڕووسیاوە لە ساڵی ١٩٤٩ مایەی سەر سوڕمان بوو بۆ ئاژانسە هەواڵگریە ئەوروپیەکان، هەروەها سەلماندی کە پێویستە ئەو ئاژانسانە زانیاری ووردتریان هەبێت. بۆیە کۆکردنەوەی زانیاری وورد لەسەر تواناو شوێنی دامەزراوە ناوەکیەکانی ڕووسیا بوو بە کاری لەپێشینە، بەڵام سەرچاوەی زانیاریەکانی دەزگا هەواڵگریەکان سنوردار بوو، کە پێکهاتبوو لەو نەخشانەی ڕووسیا کە ئەڵمانەکان گرتبوویان لەگەڵ ڕاپۆرتی زیندانیە دەستگیرکراوەکان. چەندین باڵۆنی کامێرەدار نێردرابوون بۆ سەر خاکی سۆڤیەت، بەڵام ژمارەیەکی کەم وێنەیان گرتبوو کە زانیاری ناڕوونیان لەسەر چەند ناوچەیەکی کەم پیشاندەدا. لەلایەکی ترەوە ژمارەیەك فڕۆکەی کامێرەدار بۆ سەر سنورەکانی ڕووسیا نێردرابوون، بەڵام ئەوانیش مەترسی زۆریان لەسەر بوو و تەنها وێنەی چەند شوێنێکیان پیشاندەدا. کاتێك دوایت ئەیزنهاوەر بوو بە سەرۆکی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٥٣ و زیاتر تێگەیشت کە مۆسکۆ لە هەوڵدایە بۆ دروستکردنی سارۆخ و فڕۆکەی بۆمب هاوێژ کە بتوانن لە ئەمریکا ئامانجەکانیان بپێکن، بۆیە دەبوو کاری هەواڵگریپەوتر و چڕتر بکرێت. دوای ئەوەی زانرا کە ڕووسیا ئەو چەکانەی بەدەستهێناوە کە دەتوانن بگەن بە کەنەداو وویلایەتە یەکگرتووەکان، پێویست بوو جارێکی تر پێداچوونەوە بە سیاسەتی ئاسایشی نیشتیمانییدا بکرێتەوە .

یەکێك لە هەنگاوە گرنگەکانی بەدەستهێنانی سیستەمێکی هەواڵگری باوەڕپێکراو بریتی بوو لە دروستکردنی فڕۆکەی بچوکی چاودێری کە توانای فڕینی هەبێت لە بەرزیەکی زۆر. لەساڵی ١٩٥٦، ئەمریکا چەندین فڕۆکەی جۆری (یوو توو) ی نارد بۆ سنوری سۆڤیەت کە لە بەرزی حەفتا هەزار پێ دەفڕین، ئەم بەرزیەش دەکەوتە دەرەوەی سیستەمی بەرگری سۆڤیەت. فڕۆکەکان وێنەی ووردی دامەزراوە سەربازیەکانی سۆڤیەتیان تۆمارکردو گەڕانەوە، سەرەڕای ئەوەی ڕادار فڕۆکەکانی کەشف کردبوو و چەندین جار سۆڤیەت ناڕەزایی خۆی گەیاندبووە دبلۆماتکارانی ئەمریکی. لە ئایاری ١٩٦٠ ناردنی ئەو جۆرە فڕۆکانە کەوتە مەترسیەوە دوای ئەوەی سۆڤیەت توانی فرانسیس گاری پاوەرز-ی فڕۆکەوانی یەکێك لەو فرۆکانە دەستگیر بکات، ئەمەش ڕووداوێکی دڵتەزێن بوو کە بووە هۆی هەڵوەشانەوەی کۆبوونەوەی لوتکەی پاریس کە بڕیار بوو دوایت ئەیزنهاوەری سەرۆکی ئەمریکا و نیکیتا

خروتشۆف-ی سەرکردەی سۆڤیەت تاووتوێی گرفتە جۆراوجۆرەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا بکەن .

مانگی دەستکردی چاودێری

لەگەڵ بەردەوام بوونی ئۆپەراسۆنی فڕۆکەی (یوو توو)، ئەمریکا دەستی کرد بە دروستکردنی مانگی دەستکردی چاودێری کە بتوانێ لە بۆشایی ئاسمانەوە بە سەلامەتی ئاڕاستە بکرێت بەمەبەستی چاودێریکردنی خاکی یەکێتی سۆڤیەت. مانگی دەستکردی چاودێری بەرهەمی پرۆگرامی کۆرۆنا بوو کە بە هەماهەنگی هێزی ئاسمانی و سی ئای ئەی و کۆمپانیای تایبەت هاتە بەرهەم و زۆرێك لە گرفتە تەکنیکیەکانی چارەسەرکرد. پێشتر چەندین هەوڵی شکستخواردوو درابوو بۆ ناردنی مانگی دەستکرد بۆ بۆشایی ئاسمان، بەڵام لە ئابی ١٩٦٠ دا، چەند مانگێك دوای دەستگیرکردنی فرانسیس گاری پاوەرز-ی فڕۆکەوان، توانرا لەڕێگەی مانگی دەستکردەوە بەسەرکەتوویی وێنەی سەتەلایتی تۆماربکرێت و بنێردرێتە سەر زەوی. دوای چەند ساڵێك، ئەمریکا توانی وێنەی ڕوون و پڕ زانیاری بگرێت و زانیاری لەسەر ڕووبەری فراوانی جوگرافی کۆبکاتەوە دەربارەی فڕۆکە بۆمبهاوێژەکان و سارۆخە دوورمەوداکان و ژێردەریایی و بنکە و پێگە سەربازیەکانی ڕووسیا. سۆڤیەت کە بۆخۆی پێشتر و لە ساڵی ١٩٥٧ مانگێکی دەستکردی بەناوی سپوتینك ڕەوانەی بۆشایی ئاسمان کردبوو مافی یاسایی ئەوەی نەبوو دژ بە هەوڵگریی ئاسمانیی بوەستێتەوە .

فراوانکردنی سیستەمی هەواڵگری ئەمریکا

لە یەکەم چالاکیدا، مانگی دەستکردی کۆرۆنا بڕێکی یەکجار زۆر وێنەی تۆمارکرد کە زیاتر بوو لە کۆی گشتی هەموو ئەو وێنانەی پێشتر لە ڕێگەی فڕۆکەی (یوو توو) بەدەست هاتبوون. وەك ئەوە وابوو کە ڕووناکیەکی بەتین ئاڕاستەی کۆگایەکی تاریك بکەیت. وێنەکانی مانگە دەستکردە لەگەڵ ئەو زانیاریانەی لەسەرچاوەی تری هەواڵگریەوە بەدەست هاتبوون، وەك لەڕێگەی عەقیدی ڕووسی ئۆلێگ پێنکۆڤسکی، یارمەتیدەر بوون بۆ ئەوەی بەرپرسانی ئەمریکا بتوانن بەباشی لە کۆی توانا سەربازیەکانی ڕوسیا تێبگەن. سەرۆك ئایزنهاوەر پێی وابوو کە دەزگای هەواڵگری سەرکەوتوو بووە لەوەی وێنەیەکی ڕاستەقینە بخاتە بەردەست، ئەمەش بە بڕوای ئایزن ئەنجامێکی باش بووە.

بەم جۆرە ئەمریکا بووە خاوەن تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو بۆ گرتنی وێنەی پڕزانیاری، لەلایەکی ترەوە هەستی بە نادڵنیایی زۆر دەکرد سەبارەت بە پلانە سەربازیەکانی ڕووسیا، هەموو ئەمانە هاندەربوون بۆئەوەی ئەمریکا بە پەرۆشەوە لە هەوڵی دەستخستنی زانیاریدابێت دەربارەی بنکە و پێگە سەربازیەکانی ڕووسیا. دەزگای هەواڵگری هاندەر بوو لە زیادکردنی بودجەی وەزارەتی بەرگری لە ئیدارەکەی ئایزنهاوەر لەسەر ئەو بنەمایەی کە مەترسیەکانی ڕووسیا ڕاستەقینەن نەك وێناکراو. دیاریکردنی ژمارەیەکی زۆر ئامانجی سەربازی سۆڤەت پاساوێکی باش بوو کە جگە لە ساروخ و فڕۆکە و پرۆگرامی ژێر دەریایی، پێویستە ئەمریکا سیستەمی هەواڵگری فراوان بکات لەکاتێکدا ژمارەی ئامانجە سەربازیەکان

تا دەهات زیاتر دەبوون. بەم جۆرە دەزگای هەواڵگری بوو بە بەشێکی گەورە و کاریگەر لە ئاسایشی نیشتیمانی .

ستراتیجی ئاسایشی نیشتیمانی کە زیاتر جەختی لە توانای چەکی ناوەکی دەکردەوە، خاڵی نەبوو لە گومان. لە بنەڕەتدا چەکی ناوەکی بۆ ڕێگرتن بوو لە هێرشی دەرەکی، هەورەها وەك نیشانەی پابەندی بوون لە جەنگی سارددا. بەڵام لەلایەکی ترەوە شارەزایانی هەواڵگری بەردەوام ئاماژەیان بە کاریگەریە نێگەتیڤەکانی چەکی ناوەکی دەدا و بە مەزەندەی ئەوان بەکارهێنانی چەکی ناوەکی دەبێتە هۆی گیان لەدەستدانی دەیان ملیۆن کەس لە ماوەی چەند کاتژمێرێکدا. لە ساڵانی دواتری ئیدارەکەی ئایزنهاوەر، بەرپرسە باڵاکانی وەزارەتی بەرگری و سیاست داڕێژەران گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە نابێ لە ململانێ چاوەڕوانکراوەکاندا ئەگەری بەکارهێنانی چەکی تەقلیدی هەڵاوێر بکرێت. ئایزنهاوەر هەوڵی دا بودجەی بەرگری زیاد بکات و زیاتر گرنگی بە فڕۆکەی بۆمبهاوێژ و ساڕۆخ و (دواجاریش ژێردەریایی ناوەکی) بدات.

## گرنگیدان بە چەکی تەقلیدی

بەهۆی نیگەرانیان لە رووبەڕووبوونەوەکانی داهاتوو، سوپا و هێزی دەریایی سوربوون لەسەر ئەوەی کە گرنگی بە چەکی تەقلیدی بدرێت. جەنەڕاڵ ماکسوێڵ تەیلەر-ی سەرکردەی باڵای سوپا لە نێوان ساڵانی ١٩٥٥ بۆ ١٩٥٩ داکۆکیکارێکی گەورەی چەکی تەقلیدی بوو. تەیلەر پێی وابوو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی تەحەددا جۆراوجۆرەکان، پێویستە پەرە بە چەکی تەقلیدی بدرێت، چونکە لەو حاڵەتانەدا بەکارهێنانی چەکی ناوەکی پەرچەکردار بەدوای خۆیدا دێنێت.لەژێر کاریگەری بۆچوونی تەیلەردا، ئیدارەکەی جۆن کەنەدی کە لە ساڵی ١٩٦١ دەست بەکاربوو، پابەندی خۆی بۆ برەودان بە چەکی تەقلیدی دووپاتکردەوە. تەیلەر هەر زوو بوو بە ڕاوێژکاری سەرۆك کەنەدی و، لەساڵی ١٩٦١ یشدا بوو فەرماندەی باڵای هێزە هاوبەشەکانی سوپای ئەمریکا. ئیدارەکەی جۆن کەنەدی بوجەیەکی زۆری بۆ برەودان بە چەکی تەقلیدی دیاریکرد تەنانەت پێش ئەوەی جەنگی ئەمریکا-ڤێتنام هەڵبگیرسێ.

لەگەڵ ئەوەشدا توانای چەکی ناوەکی وەك ئامانجێکی زۆرگرنگ مایەوە، بۆنمونە پرسی چەکی ناوەکی هاندەر بوو بۆ پڕۆژە بریاری ساڵی ١٩٦١ ی ناسراو بە قەیرانی بەرلین لەگەڵ پڕۆژە بریاری ساڵی ١٩٦٢ی ناسراو بە قەیرانی سارۆخی کوبا، کاتێك مەترسی ڕوودانی جەنگی ناوەکی سەریهەڵدا دوای ئەوەی سۆڤیەت جۆرە سارۆخێکی گواستەوە بە کوبا کە توانای هەڵگرتنی کڵاوەی ناوەکی هەبوو. لەپرسی قەیرانی سارۆخەکانی کوبا، هەواڵگری ئەمریکا ڕۆڵی سەرکەوتوو و شکستخواردووشی بینی. بۆنمونە لە لێکدانەوەی ئاماژەکانی ناردنی چەکی سۆڤیەت بۆ کوبا بەهەڵەدا چوو، بەڵام سەرکەوتوو بوو لە دیاریکردنی کاردانەوەکانی ڕووسیا کاتێك لە نۆڤەمبەری ١٩٦٢تەنگژەی نێوان ڕووسیا و ئەمریکا لەسەر پرسی سارۆخەکان گەیشتە لوتکە. قەیرانی ساروخەکان زەنگێکی ئاگادارکەرەوە بوو بۆ ئیدارەکەی کەنەدی تا جارێکی تر پەرە بە توانا ناوکیەکانی بدات. گرنگی ئەو وێنانەی کە شوێنی بنکەو پێگەکانی سۆڤیەتی لە کوبا پیشان دەدا و لە ڕێگەی مانگی دەستکردەوە گیرابوون، جارێکی تر هانی ئیدارەکەی کەنەدی دا بۆ

برەودانی زیاتر بە مانگی دەستکرد و چاودێری ئاسمانی بەجۆرێك بتوانێت بە زووترین کات زانیاری کۆکراوە بگوازێتەوە.

پشتگیری دەزگای هەواڵگری بۆ ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان لە ڤێتنام

لەگەڵ تێوەگلانی ئەمریکی لە جەنگی ڤێتنام، چەکی تەقلیدی گرنگی زۆری پەیداکرد. جەنگەکە لە کۆتا ساڵی ئیدارەکەی جۆن کەندی هەڵگیرسا و لە ماوەی پێنج ساڵی سەرۆکایەتی جۆنسن تا کۆتایی خولی یەکەمی سەرۆکایەتی ڕیچارد نیکسۆن بەردەوام بوو. لەگەڵ بەردەوام بوونی ململانێکە و زیاد بوونی تێچووی جەنگەکە، ئاژانسە هەواڵگریەکان دەبوو سیستەمی پێشکەتووی مانگە دەستکردەکان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری تاکتیکی بەکاربێنن. لە سەرەتاوە ئەو مانگە دەستکردانە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر سارۆخ و فڕۆکە بۆمبهاوێژەکانی ڕووسیا دروستکرابوون، بەڵام لە کاتی جەنگی ڤێتنامدا ئەرکیان گۆڕا بۆ کۆکردنەوەی زانیاری کەسەر جێگە و ڕێڕەوی سەربازانی سوپای ڤێتنامی باکور لە ناوچە جەنگڵەکاندا. لەڕێگەی هەوڵی زۆر و داهێنانکاریدا، بەرپرسانی هەوڵگری زانیاریان لەسەر بڵاوبوونەوەی سەربازانی ڤێتنامی باکور و گەیشتنی پێداویستیە سەربازیەکان و چالاکی گروپە ئاژاوەگێڕەکانیان کۆکردەوە.

لەسەردەمی جەنگی ڤێتنامدا، ئاژانسە هەواڵگریەکان بوونە سەرچاوەی دژیەکی سیاسی. ئەو ڕاپۆرتە هەواڵگریانەی لەسەر سوپای ڤێتنامی باکور بڵاودەکرانەوە دژیەکیان تێدابوو و نەدەکرا ستراتیژی گشتی ئەمریکایان لەسەر دیاریبکرێت. دواجار هەڵسەنگاندنی هەواڵگری پشتی دەبەست بە چەندین سەرچاوەی بەڵگەو زانیاری کە هەندێکیان زانیاری دژبەیەکیان تێدابوو. کۆکردنەوەی زانیاری وورد لە بارەی جۆری کەرەستە سەربازیەکان تا ڕادەیەك ئاسان بوو، بەڵام زانیاری لەسەر ژینگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازی ناڕوونی زۆری تێدابوو. ئەوەی ئەرکی سەرەکی دەزگا هەواڵگریەکان بوو هەوڵدان بوو بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، بەڵام تێکەڵکردنی بۆچوونی خۆیان لەگەڵ زانیاریە هەواڵگریەکان بۆ دروستکردنی کاریگەری لە گفتوگۆ سیاسیەکاندادەبووە زانیاری ناڕوون و دژبەیەك و دواتر بەسەریاندا دەشکایەوە، بەتایبەت ئەگەر لە سیاسەتەکەیاندا سەرکەوتوو نەبوونایە، وەك ئەوەی لە مشتومڕی فەرمانی هەڵگیرساندنی جەنگی ڤێتنامدا ڕوویدا .

لە کاتی مشتومڕی جەنگی ڤێتنامدا، چەندین ڕاپۆرت لەسەر دەزگا هەواڵگریەکان بڵاوبوونەوە کە باسیان لەوە دەکرد ئاژانسی هەواڵگری چاودێری گروپە سیاسیەکان و کەسایەتیە دیارەکانی داکۆکیکاری مافە مەدەنیەکانی کردووە، پێشتریش هەواڵی ئابڕووبەرانە لەسەر تۆمەتی پیلانگێڕیی شکستخواردووی دەزگا هەواڵگریەکان بۆ تیرۆرکردنی کەسایەتیەکان و ئەنجامدانی کاری نهێنی لەدەرەوەی ئەرکی ڕاستەقینەیان، بڵاوکرابووەوە. بۆیە لە ساڵی ١٩٧٥ کۆنگرێس یاسای سنورداركردنی ئامێری چاودێریکردنی دەکرد و فەرمانی کرد بە ئاگادارکردنەوەی لیژنەکانی کۆنگرێس لە هەر کارێکی نهێنی کە هەواڵگری پێی هەستێت، هەروەها دوو لیژنەی لە کۆنگرێس دروستکرد بۆ بەدواداچوونی کارەکانی هەواڵگری. ئەمانە هەوڵێك بوون بۆ بەدامەزراوەیی کردنی دەزگای هەواڵگری وەك بەشێك لە حکومەت. پەیوەندیەکی

نەیارانە لەنێوان ئەفسەرانی هەواڵگری و بەشێك لە میدیا و بازنەی سیاسیەتمەداران هاتە ئاراوە کە چەند دەیەیەك درێژەی کێشا. ئەمەش لایەنێکی سلبی بوو کە کاریگەری زۆری لەسەر ڕەوتی نوێی ئەکادیمی و توێژینەوەی هەواڵگری دروستکردو لە ڕاددەی سەرکەوتنەکانی هەواڵگری کەم کردەوە .

پەرەسەندنی کاری دەزگا هەواڵگریەکان

لە جەنگی ڤێتنامدا کە ئەمریکا لایەنگری ڤێتنامی باشوری دەکرد دژ بە ڤێتنامی باکور، دەزگا هەواڵگریەکان ڕۆڵێکی دیاریان گێڕا لە هەوڵەکانی ئارامی و سەقامگیری لە ڤێتنامی باشور. بە هاوکاری ڕۆبەرت کۆمەری باڵیۆزی ئەمریکا لە ڤێتنامی باشور، پرۆگرامی پاڵپشتی پەرەپێدانی شۆڕش و ئۆپەراسیۆنە مەدەنیەکان سودی لە دەزگای هەواڵگری وەرگرت لە کارکردن لەگەڵ کۆمەڵگە و کەسایەتیەکان و بەرزکردنەوەی ئینتیمانی هاولاتیانی ڤێتنامی باشور بۆ حکومەتەکەیان و گەشەی ئابووری ڤێتنامی باشور. بەگوێرەی بەرپرسانی پرۆگرامەکە، کارەکانیان بەرەوپێشچوونی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە بەتایبەت لە ساڵانی پێش داگیرکردنی ڤێتنامی باشور لەلایەن ڤێتنامی باکورەوە. سەرەڕای ئەو ڕەخنانەی ڕووبەڕووی ئەمریکا بوونەوە بەتایبەت تۆمەتی کوشتن لەدەرەوەی ڕێوشوێنی دادگایی لەلایەن بەرپرسانی ڤێتنامی باشورەوە، بەڵام جەنگی ڤێتنام وانەی گرنگی تێدابوو بۆ ئاژانسە هەواڵگریەکان لە هەوڵەکانی بونیادی نەتەوەییدا، بەڵام بەداخەوە ئەم وانانە هەر زوو لەبیرکران کاتێك ئەمریکا لە ململانێکانی جیهانی سێیەم تێوەگلا، دوای ڕووخانی ڕژێمی ڤێتنامی باشور لەساڵی ١٩٧٥.

سەرەڕای ئەو گۆڕانکاریانەی لەلایەن بەرپرسە سەربازی و سیاسەت داڕێژەراندا بەسەر دەزگای هەواڵگریدا هات، چەندین تواناى تەکنەلۆژی پەرەیان پێدراو تا ڕاددەیەکیش لە سەردەمی جەنگی ڤێتنامدا بەکارهێنران، دواتریش بۆ چەند دەیەیەك بوون بە بنەمای گۆڕانکاری گرنگ لە سیستەمی ئۆپەراسیۆنی سەربازی و هەواڵگریدا. بۆنمونە، لە هەوڵەکانی ئەمریکا بۆ لەکارخستنی دوو پرد کە بەشێکی گرنگ بوون لە ژێرخانی هێڵی گواستنەوەی ڤێتنامی باکور، تەکنەلۆژیای نوێی سەربازی بەکارهێنا. لە نێوان ساڵانی ١٩٦٥ بۆ ١٩٦٨، هێزەکانی ئەمریکا سەدان فڕۆکەیان بەکارهێنا بەڵام کاریگەریەکی کەمیان هەبوو، بەڵام کاتێك لە ساڵی ١٩٧٢ بۆردومان دەستی پێکردەوە، چەند فڕۆکەیەکی کەم بە بۆمبی ئاڕاستەکراوی لەیزەری توانیان پردەکان بە تەواوی لەکاربخەن. تەکنەلۆژیای فڕۆکەی جەنگی بەجۆرێك پێشکەوت بتوانێ کاریگەری زیاتری هەبێت و سەلامەتی فڕۆکەوانیش لەبەر چاوبگرێت. یەکێکی ترە لە پێشکەوتنەکان پەرەپێدانی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بوو، هەرچەندە ماوەیەکی زۆر بوو ئەو جۆرە فڕۆکەیە بەرهەم هاتبوو، بەڵام لەسەرەتای جەنگی ڤێتنامدا سودێکی ئەوتۆی نەبوو لە کۆکردنەوی زانیاری هەواڵگریدا. دەبوو فڕۆکە بێ فڕۆکەوانەکە بگەڕێتەوە بۆ بنکەکەی خۆی، ئینجا ئەو وێنانەی گرتوویەتی وەربگیرێن و هەڵسەنگاندنیان بۆ بکرێت. بەڵام زۆر جار ئەو شوێنانەی وێنەیان دەگیرا بزر دەبوون بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیەوە کە ناوچەیەکی بەرفراوانی چڕو پڕبوو. بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی زیاتری تەکنەلۆژی توانرا ئەو وێنانەی بە فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان دەگیرێن دەستبەجێ بگوازرێنەوە بۆ بنکەی هەواڵگری، بەمەش کاریگەری ئەو فڕۆکانە زۆر زیاتر بوو. بەکارهێنانی فڕۆکەی بێ فڕکەوان لەوەدا

هاوشێوەی مانگی دەستکردبوو کە مەترسی ئەوەی نەبوو فڕۆکەوان لە خاکی دوژمندا بکەوێتە خوارەوە یان گیان لەدەست بدات .

## ڕۆڵی هەواڵگری لە کۆنترۆڵی چەکدا

تەنانەت لەکاتێکدا ئەمریکا بەتەواوی لە جەنگی ڤێتنام تێوەگلابوو، دەرکی بەو ڕاستیە کرد کە ململانێی ناوەکی لەگەڵ سۆڤیەت بەبنبەست گەیشتووە. ئەمەش بووە سەرەتایەك بۆ بەستنی چەند ڕێککەوتننامەیەکی کۆنترۆڵکردنی چەك بەمەبەستی سنوردارکردنی پێشبڕکێی چەکی ناوەکی. دەزگای هەواڵگری ڕۆڵی گرنگی گێرا لە دروستکردنی متمانە لەکاتی دانوستانەکان و ئەنجامدانی ڕێککەوتننامەکان. دوای دانوستانێکی چڕوپڕ ئەمریکا و سۆڤیەت گەیشتنە چەند ڕێککەوتننامەیەك لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی لە مانگی دەستکردەوە لەسەر یەکتری وەریانگرتبوو. ڕێککەوتنەکان کە لەسەردەمی ئیدارەی نیکسۆن-دا لە ساڵی ١٩٧٢ واژوو کران، لەگەڵ دانوستانەکانی دواتر بوون بە پایەکی گرنگ لە سیاسەتی ئاسایشی نیشتیمانیدا کە درێژبووەو بۆ سەردەمی ئیدارەکەی کارتەر و تا کۆتایی جەنگی سارد. ئەوەی جێگەی مشتومڕ بوو لە ئەمریکا توانای ئاژانسەکانی هەواڵگری بوو لە چاودێریکردنی سۆڤیەت بۆ ئەوەی دڵنیابن پابەندی مەرجەکانی ڕێککەوتننامەکان دەبێت.

## ڕۆڵی هەواڵگری لە ئۆپەراسیۆنەکانی ئەورووپادا

پلانی جەنگی ئاسمانی-زەمینی لەدوای کشانەوەی هێزە ووشکانیەکانی ئەمریکا لە ڤێتنام لە ساڵی ١٩٧٥، بەرپرسانی هێزی بەرگری ئەمریکا بڕیاری ڕێکخستنەوەی هێزەکانیان دا. لەمێژبوو پلانی بەرگری لە ئەورووپای ڕۆژئاوا لە بەرامبەر چەکی ناوەکیدا لە ئارادابوو، بەڵام ئەم پلانە بێ گرفت نەبوو. پەنابردنە بەر چەکی ناوەکی لەلایەن ڕووسیاوە ئەگەری ئەوەی هەبوو کاولکاریەکی گەورە لە ئەورووپای دانیشتوان چڕ و ئەمریکا بەدوا خۆیدا بێنێت. بەڵام بۆ پابەند بوون بە پەیماننامەی باکوری ئەتڵەسی (ناتۆ)، دەبوو ئەمریکا ئامادەیی بەکارهێنانی چەکی ناوەکی هەبێت بۆ بەرگری لە ووڵاتە هاوپەیمانەکانی لە ناتۆ. بۆچوون وابوو کە چەکی ناوەکی بەریتانیا و فەڕەنسا بە تەنها ناتوانێ بەر بە سۆڤیەت بگرێت، یان کاریگەری ئەوتۆی هەبێت لە ململانێکانی نێوان بەرەی ناتۆ و بەرەی وارسۆ (بەرەی ڕووسیا و هاوپەیمانەکانی لە ووڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵات). بۆیە توانا ناوەکیەکانی ئەمریکا پایەی گرنگ بوون وەك هێزی بەرگری لە ووڵاتانی ناتۆ.

بۆچوونی باو ئەوە بوو کە توانا سەربازیەکانی ناتۆ لە ئاست توانا سەربازیەکانی هێزی وارسۆدا نەبوو. بۆیە ئامادەیی سەربازی ئەمریکا لەبەرژەوەندی ووڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوادابوو، چونکە خواست و بودجەی پێویستیان نەبوو بۆ برەودانی زیاتر بە پێکهاتەی هێزی تەقلیدی. بەڵام بەهۆی مەترسیەکانی چەکی ناوەکی، دەنگی ناڕەزایی خەڵکی دژ بە چەکی ناوەکی لە ئەمریکا و ئەورووپا لە زیادبووندابوو. هاوکات گرنگیدانی زیاتر بە چەکی تەقلیدی بێ گرفت نەبوو. گروپێکی بچوکی پسپۆڕانی سەربازی هەوڵی چارەسەری گرفتەکانیان دا لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی توانا سەربازیەکانیان لە چەکی تەقلیدی بە

بەکارهێنانی سیستەمی سەربازی تازە. هەواڵگری ڕۆڵێکی گرنگی دەگێرا لەم هەوڵانەدا. هەر لە ساڵی ١٩٧٤وە ئەڵبێرت وۆلستێتەر کە شارەزایەکی بواری سیاسەتی بەرگری بوو باسی لە کاریگەری تەکنەلۆژیای تازە دەکرد لە بواری ئۆپەراسیۆنی سەربازیدا. ئەڵبێرت پێی وابوو دەکرێ پەرە بە تەکنەلۆژیای مانگی دەستکرد و فڕۆکە بدرێت کە بتوانن زانیاری وورد لەسەر پێگەی ئامانجەکان کۆبکەنەوە لە ڕێگەی کامێرای پێشکەوتوو و ئامێری تری هەستیارەوە، هەروەها ڕایگەیاندبوو کە دەکرێت پەرەی زیاتر بە سیستەمی پەیوەندیکردن بدرێت و پرۆسەی زانیاریەکان خێراتر بکرێت لەڕێگەی کۆمپیوتەرەوە.

## جەنگی ئاسمانی-زەمینی

پلاندارێژەرانی سوپاو هێزی ئاسمانی بەرنامەیان هەبوو دوور لە بەرەی پێشەوە، لە بەشی کۆتایی هێزەکانی سەر بە هاوپەیمانی وارسۆ پەلاماری هێزی دوژمن بدەن بە هێرشی ئاسمانی و زەمینی. ئەم پلانە ناونرا جەنگی ئاسمانی-زەمینی، مەبەست لێی ڕێگریی بوو لە بەرەو پێشچوونی هێزە پاڵپشتەکانی هاوپەیمانیەتی وارسۆ بۆ ئەوەی نەتوانن بگەن بە هێزە هێرشبەرەکان، بە ئومێدی ئەوەی نەتوانن پەلاماری ووڵاتانی هاوپەیمانێتی ناتۆ بدەن.

پلانی هێرشکردنە سەر دوژمن لە ناوجەرگەی خاکی دوژمندا، پێویستی بە زانیاری هەوڵگری هەبوو کە لەکات و ساتی خۆیدا بگات بۆ دیاریکردنی شوێن وپێگەی هێزەکانی دوژمن. بنکە سەربازیە جێگیرەکان ئامانجی هێرشەکە نەبوون، بەڵکو ئامانج ئەو هێزە شەڕکەرەکانە بوون کە بە خێرای جێگۆڕکیان دەکرد. بۆ ئەو مەبەستە دەبوو سیستەمی هەواڵگری سەربازی لە ڕێگەی تەکنەلۆژیای نوێی چاودێری ناتۆوە زانیاری کۆبکاتەوە، بۆنمونە لە ڕێگەی فڕۆکەی پێشکەوتووەوە کە بتوانێ زانیاری لەسەر هێزە ئاسمانی و زەمینیەکانی دوژمن کۆبکاتەوە. هەروەها دەکرا زانیاری هەواڵگری لە ڕێگەی مانگی دەستکردوە سود بە پلانەکە بگەیەنێت. واتا پلانی جەنگی ئاسمانی-زەمینی دواجار پشتی دەبەست بە هەماهەنگی دامەزراوە هەواڵگریەکان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی بۆ پاڵپشتی فەرماندە سەربازیەکان لە کاتی ئۆپەراسیۆنەکاندا. ئامانج لە پلانێکی لەم جۆرە ئەوەبوو بە سەرکەوتووی بتوانن هێزەکانی هاوپەیمانی وارسۆ لاواز بکەن بە جۆرێك کە توانای داگیرکردنی ووڵاتانی ئەورووپای ڕۆژئاوایان نەمێنت و ناتۆش ناچار نەبێت پەنا بباتە بەر چەکی ناوەکی. پلانی هێرشی ئاسمانی-زەمینی زیاتر لە جۆرناڵە ئەکادیمیەکاندا جێی باس بوو، بەتایبەت لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکاندا. هاوڵاتیانی ئاسایی نەیاندەزانی کاریگەری ئەم هێرشانە چۆن دەبێت ئەگەر پلانەکە جێبەجێ بکرایە. تەنها ئەوکاتە کاریگەی ئەم پلانە دەرکەوت کە لە جەنگی کەنداوی ١٩٩٠ ئۆپەراسیۆنی دژی بە عێراق ئەنجامدرا.

## پاڵشتی هەواڵگری بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی دوای جەنگی سارد

سەرەڕای کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، ئەمریکا لە چەندین ململانێی سەربازی نێودەوڵەتی تێوەگلا. لە ئابی ١٩٩٠دا، دوای ئەوەی عێراق کوەیتی داگیر کرد، ئەمریکا سەرکردایەتی هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی کرد بۆ گێڕانەوەی سەروەری بۆ کوەیت. گەردەلولی بیابان لە ماوەی ١٠٠ کاتژمێردا سەرکەوتنی بەدەست هێنا لە ڕێگەی پلانی ستراتیجی هێزی ئاسمانی هاوپەیمانان کە بە ووردی سەنتەری پەیوەندیەکانی حکومەتی عێراقیان دەسنیشانکرد و خاپوریان کرد، لەگەڵ خاپورکردنی بارەگای گشتی فەرماندە سەربازیەکانی عێراق.

لە گەردەلولی بیاباندا شێوازێکی تازەی ڕووبەڕووبوونەوە پەیڕەوکرا. ئۆپەراسیۆنەکان خێرا ئەنجام دەدران و پشتیان بە بەکارهێنانی تاکیکی هێزی ئاسمانی دەبەست بۆ پێکانی ئامانجەکانیان، ئەو تەکنیکی هێرشبردنە لەسەرەتاوە بۆ شەڕکردن لە ئەوروپا داڕێژرابوو بەڵام لەسەر عێراق تاقیکرایەوە، کە هاوشێوەی تەکنیکی ئیسرائیل بوو لە جەنگی ئۆکتۆبەری ١٩٧٣دا. گەردەلولی بیابان وەرچەرخان بوو لە تەکنیکی جەنگدا، کە سەرکەوتوو بوو بەهۆی گەیشتنی زانیاری هەواڵگری وورد لە هەموو بەرەکانەوە لە کاتی خۆیدا. لە جەنگی گەردەلولی بیاباندا ١٧ هەزار موشەکی بە ووردی ئاڕاستەکراو بەکارهات، سەرەڕای ٢١٠ هەزار بۆمبی ئاسایی. بەڵام موشەکە ئاڕاستەکراوەکان کاریگەری زیاتریان هەبوو و سەلماندیان کە چەکی داهاتوون. ستراتیژی سەربازی هێزە هاوپەیمانەکان سوپای عێراقیان تووشی پەشۆکان کردو دوای ماوەیەکی کورت لە ڕووبەڕووبوونەوەی زەمینی، عێراق داوای ئاشتی کرد و کوەیت ڕزگار کرا.

ویلیەم پێری کە لە ١٩٩٤ بۆ ١٩٩٧ وەزیری بەرگری بوو لە ئیدارەکەی بیل کلنتۆندا، لە بارەی گەردەلولی بیابانەوە دەڵێ، ئەو چەکانەی لە گەردەلولی بیابانی ١٩٩١ دا بەکارهاتن تەکنەلۆژیای تازەی ئەلکترۆنی و کۆمپیوتەری تێدا بەکارهاتبوو. ئەم تەکنەلۆژیا نوێیە لە چەندین ڕووەوە یارمەتیدەر بوو بۆ سەرکەوتنی هێزی هاوپەیمانان لە جەنگی کەنداودا، وەك: سیستەمی پەیوەندی، فەرمانی سەربازی، بەشی هەواڵگری و کۆنترۆڵ، ووردی لە ئاڕاستەکردندا .

هەروەها لە ئۆپەراسیۆنی قەڵغانی بیاباندا، ئەو سیستەمە جیاوازانە، بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بۆ سەر نەخشە و دیاریکردنی شوێنی یەکە سەربازیەکان و جۆری سیستەمی سەربازیی و شوێنی سیستەمی بەرگری و سەنتەری کۆنترۆڵ و فەرمانی هێزەکانی عێراق، بەکارهات. کۆکردنەوەی ئەو زانیاریانە زۆر گرنگ بوون پێش دەسپێکی هێرشی ئاسمانی. لە کاتی گەردەلولی بیاباندا، هەموو ئەو سیستەمانە بە هاوکاری مانگی دەستکرد پاڵپشتیەکی گرنگ بوون بۆ هێزەکانی هاوپەیمانان، کە سیستەمی پەیوەندی پێشکەتوویان بەکاردەهێنا بۆ گواستنەوەی زانیاری بۆ فەرماندە سەربازیەکان لە مەیدانی جەنگدا .

شۆڕش لە پێشکەوتنی سەربازیدا

موشەکی بە ووردی ئاڕاستەکراو بووە چەکی سەرەکی جەنگ، بۆیە دەزگا هەواڵگریەکان بەرپرسیاریەتی زیاتریان کەوتە سەر شان بۆ دابینکردنی زانیاری وورد لە سەر ئامانجەکان. بەرپرسیاریەتی سەرەکی درا بە ئاژانسی هەواڵگری نیشتیمانی بۆ دیاریکردنی شوێنگە و ئاژانسی نەخشە و وێنەی نیشتیمانی و سەنتەری هەواڵگری وێنەیی نیشتیمانی. بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا توانرا وێنە و زانیاری هەواڵگری

له کاتی خۆیدا بگەیەنرێت، ئەمەش متمانە و دڵنیایی زیاتری دەدا کە ئاستی قوربانیانی مەدەنی کەمدەبێتەوە و هێزی زەمینی کەمتریش پێویست دەبێت. ئامانجی هەواڵگری ئەوە بوو یارمەتی فەرماندە سەربازیەکان بدات خۆیان لە ئۆپەراسیۆنی ناپێویست بپارێزن و بەهەڵە هێرش نەکەنە سەر هێزە هاوپەیماناکان و بێ سود تەقەمەنی بە خەسار نەدەن. لەم ڕووەشەوە تا ڕاددەیەکی زۆر سەرکەوتوو بوون .

پرسیاری ئەوەی کە "ئایا گەردەلولی بیابان سەرهەڵدانی شۆڕش نەبوو لە پێشکەوتنی سەربازیدا؟" بۆ مێژوونووسانی بواری سەربازی جێدێلین، بەڵام ئەوەی گرنگە لێدوانی نووسەرانی سۆڤیەتە کە بەووردی چاودێری کاریگەری ئەو توانا سەربازیانەی هاوپەیمانی ناتۆیان کردبوو و وەك هەڕەشە بۆ سەر خاکی یەکێتی سۆڤیەت لێیان ڕوانیبوو. هەندێ لە نووسەران پلانی هێرشی ئاسمانی-زەمینیان وەك تەحەددایەکی گەورە دەبینی لە بەردەم ستراتیجە سەربازیەکانی سۆڤیەت لە ئەوروپا. هەندێکیان پێشبینی سەرکەوتنی کاریگەری هێزی هاوپەیمانانیان لە گەردەلولی بیاباندا کردبوو، پێش ئەوەی ئەو سەرکەوتنە ڕابگەیەنرێت. شرۆڤەکارانی ئەمریکاش هەمان بۆچوونیان هەبوو، پێیان وابوو بۆمبی بە لەیزەر ئاراستەکراو کاریگەریەکی زۆری هەبووە بەتایبەت کە سوپای عێراقی توشی شۆك کرد و خودی ئەمریکیەکانیشی توشی سەرسامی کرد .

چاودێرانی سەربازی سۆڤیەت بە ووردی ئاگاداری کاریگەری و گۆڕانکاریەکانی پلانە سەربازیەکانی ناتۆ بوون. چەکی تەقلیدی پێشکەتوو و کاریگەریووڵاتانی ڕۆژئاوا فاکتەرێك بوون بۆ کۆتایی هێنان بە یەکێتی سۆڤیەت و هاوپەیمانە سەربازیەکانی لە ووڵاتانی دراوسێی لە ڕۆژهەڵاتی ئاسیا. هەرچەندە هاوپەیمانی وارسۆ بە فەرمی لە ساڵی ١٩٩١هەڵوەشایەوە، پێشبڕکێی سەربازی لە ئەوروپا بەردەوامی هەبوو لە چوارچێوەی پەیماننامەکاندا کە تیایدا ژمارەی چەکی تەقلیدی و ناتەقلیدی دیاریکرابوو. جارێکی تر ڕۆڵی هەواڵگری دەستی پێکردەوە بۆ چاودێریکردنی چەکی بەرهەم هاتوو لە چوارچێوەی پەیماننامەکاندا، بەتایبەت کە لە سەدەی ٢١ دا پەیوەندیەکانی نێوان ڕووسیا و ووڵاتانی ناتۆ گرژیان تێکەوت .

هەواڵگری و هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر

دوای هێرشە تیرۆریستیەکانی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١ی سەر ئەمریکا، ئاژانسە هەواڵگریەکان ڕووبەڕووی ڕەخنە بوونەوە لەسەر ئەوەی کە نەیانتوانیبوو هۆشیاری پێشوەخت لەبارەی ئەو هێرشانەوە بدەن. پێش ٢٠٠١، ئاژانسە هەواڵگریەکان زانیاری زۆریان لەبارەی پیلانی تیرۆریستان کۆکردبووەوەو هەڵسەنگاندنی ستراتیجیان کردبوو کە قاعیدە هەوڵدەدات لە ئەمریکا هێرش ئەنجام بدات، بەڵام دەزگا هەواڵگریەکان هۆشیاری پێشوەختیان لەو بارەیەوە نەدابوو. دوای ڕوودانی هێرشەکان، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکان کۆك بوو لەسەر ئەوەی شکستی هەواڵگری لە پێدانی هۆشیاری پێشوەخت دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕێوشوێنانەی گیرابوونەوە بەر بۆ سنورداركردنی ئاڵوگۆڕی زانیاری، مەبەست لەم سنورداركردنە ڕێگرتن بوو لە دەزگا هەواڵگریەکان لە کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هاوڵاتیانی ئەمریکی بەشێوەیەکی نادروست. ئەم دەرەنجامە هاندەر بوو بۆ دەرکردنی یاسای ٢٠٠٤ی ڕێگریی لە تیرۆریزم و ڕیفۆرمی هەواڵگری. بەگوێرەی ئەم یاسایە، دەبوو ڕێگە بدرێت بە هاوبەشی پێکردنی زانیاری وەك هۆکارێك بۆ

هەماهەنگی نێوان سەرچاوە هەواڵگریەکان و دامەزراوە یاساییەکان بۆ بەهێزکردنەی میکانیزمی کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هەر پیلانێکی تیرۆریستی .

بەڵام هەوڵەکانی هەواڵگری بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر هاوڵاتیانی ئەمریکی بەبێ فەرمانی دادوەر، بۆ چەند ساڵێك بووە جێگەی مشتومڕی زۆر. بەڵام نابێت ئەو ڕاستیە لەبیربکرێت کە بەهۆی زانیاری هەواڵگریەوە لەسەر پیلانی تیرۆریستی توانراوە ڕێگری لە ژمارەیەك هێرش بکرێت، هەروەها ئەم ڕێوشوێنە بەشێك بووە لە هەوڵەکان بۆ لەناوبردنی قاعیدە و پیلانەکانی .

ڕۆڵی هەواڵگری لە ئەفغانستان و عێراق

دوای هێرشە تیرۆریستیەکەی ١١ی سێپتەمبەری ٢٠٠١، ئەمریکا پرۆسە ئازادی هەمیشەیی Operation Enduring Freedomی لە ئەفغانستان دەستپێکرد و توانی کۆتایی بە حوکمی تاڵیبان بێنێت، ئەمەش بەهاوکاری هێزە هاوپەیمانەکانی باکوری ئەفغانستان کە لەمێژبوو سی ئای ئەی پەیوەندی لەگەڵیان هەبوو. زانیاری وورد لە سەرچاوەی هەواڵگری کەسی و چاودێری ئاسمانی و مانگی دەستکرد و چەندین سەرچاوەی ترەوە گرنگی زۆریان هەبوو بۆئەوەی ئەمریکا بتوانێ بەشێوەیەکی کاریگەر موشەکی ئاڕاستەکراو بەکار بێنێت، سەرەنجامیش بەهاوکاری چەکدارانی ناوخۆی ئەفغانی توانرا لە هێرشێکی چەند هەفتەییدا سەرکەوتن بەدەست بێت. هێزە ئەفغانیە ناوخۆییەکان لەگەڵ ژمارەیەکی دیاریکراو لە ستافی ئۆپەراسیۆنی سی ئای ئەی لەگەڵ چەند یەکەیەکی هێزەتایبەتەکانی سەر بە وەزارەتی بەرگری ئەمریکا، توانیان کۆتایی بە حوکمی تاڵیبان بهێنن و لە ناوەڕاستی نۆڤەمبەری ٢٠٠١ دا کابوڵی پایتەختیان ئازادکرد.

هەروەها هەواڵگری ڕۆڵ گرنگی بینوە لە دیاریکردنی ووردی ئامانجەکان لە پاکستان و یەمەن و سۆماڵ و شوێنی تر تا لەڕێگەی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانەوە بپێکرێن.دواجار بە هاوکاری هەواڵگری توانرا لە ئایاری ٢٠١١، لە ئۆپەراسیۆنێکی سەرکەوتوودا ئوسامە بن لادن لەناوببرێت، ئەمەش ناوبانگێکی پۆزەتیڤی دا بە دەستەی هەواڵگری بەشداربوو لەو ئۆپەراسیۆنەدا.

کاتێك ئەمریکا سور بوو لەسەر لەکارلادانی سەددام حسێن لە ڕێگەی هێزەوە لە ساڵی ٢٠٠٣، پلانی هێرشەکان کە لەلایەن تۆمی فرانکس-ی سەرۆکی فەرماندەیی ناوەندی سوپای ئەمریکاوە داڕێژرابوو ڕاستەوخۆ جەختی دەکردە سەر هێرشی ئاسمانی وورد بۆ سەر گرنگترین پێگەکانی ژێرخانی عێراق. لە ئەنجامدا بەغداد داگیرکراو ڕژێمی سەددام لە ماوەی شەش هەفتەدا ڕووخا، لەکاتێکدا ژمارەیەکی زۆر کەمتر سەربازی هێزەکانی هاوپەیمانان بەشدار بوون لە جەنگەکەدا بەبەراوورد بە جەنگی گەردەلولی بیابان. بەڵام لە پرۆسەی ئازادی عێراقدا هەواڵگری کەوتە هەڵەیەکی گەورەوە. بەگوێرەی هەڵسەنگاندنی هەواڵگری نیشتیمانی کە لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢ دەرچووە بەهەڵە گەیشتبووە ئەو ئەنجامەی کە عێراق ژمارەیەکی بەرچاو چەکی کۆمەڵکوژی هەیە. ئیدارەکەی بۆش تەرکیزی زۆر خستبوە سەر بوونی چەکی کۆمەڵکوژ لەلایەن عێرقەوە وەك پاساوێك بۆ ئەنجامدانی هێرشی سەربازی بۆسەر عێراق و لەسەرکارلادانی سەددام. دوای جەنگەکە هیچ چەکێکی کۆمەڵکوژ نەدۆزرایەوە. بۆیە بە شێوەیەکی بەربڵاو

باس لە تۆمەتی بەسیاسیکردنی هەواڵگری دەکرا. دواتر هەواڵگری هەوڵی دەدا سیاسەت داڕێژەران و یاسا داڕێژەران بێنێتە قەناعەت کە بانگەشەکانیان بێ بنەما نەبوون، بەڵام بەڵگەکانیان ناڕوون و گوماناوی بوون.

نەیانتوانی سەقامگیری دابین

هەرچەندە هێزەکانی جەنەڕاڵ فرانکس توانای ئەوەیان هەبوو کە لە ماوەیەکی کورتدا ڕژێمی عێراق بڕوخێنن، بەڵام نەیانتوانی سەقامگیری دابین بکەن لەکاتێکدا کۆمەڵگەی عێراقی لەڕووی تایفیەوە دابەش ببوو. سەرکەوتنی پرۆسەی ئازادی عێراق لە ڕووخانی ڕژێم مانای ئەوەبوو کە پلانی ئۆپەراسیۆنەکەی فرانکس سەرکەوتووبووە، بەڵام بەهۆی کەمی ژمارەی هێزەکانی ئەمریکا و کەمی ستافی مەدەنی هەر زوو پلانەکان توشی بەربەست بوونەوە لە دابینکردنی سەقامگیری و ئاوەدانکردنەوەی عێراق. هەواڵگری توانیبووی زانیاری وورد کۆبکاتەوە لەسەر ئامانجەکان، بەمەش هاوکارێکی باش بوو لە سەرکەوتنی سەربازی هێزی هاوپەیمانان بەسەر سوپای عێراقدا کە یەکێك بوو لە هێزە گەورەکانی ناوچەکە، بەڵام سەرکەتوو نەبوو لە ئاگادارکردنەوەی سەرکردەکان لەوەی کە عێراق لە ڕووی سیاسی و ئابووریەوە پێویستی بە دووبارە بونیادنانەوەیە و بۆ ماوەیەکی درێژ پێویستی بە هاوکاری ئەمریکا دەبێت. بۆ سەقامگیری عێراق ئەمریکا بڕیاری ناردنی ۲۸۰۰ هێزی زیاتری دا لە ساڵی ۲۰۰۷ بۆ ئەوەی ئاسایش و سەقامگری بۆ هاوڵاتیانی عێراق دەستەبەر بکات. لەگەڵ زیادکردنی ژمارەی هێزەکانی، دەزگای هەوڵگریش توانی زانیاری پێوسیت لە کاتی خۆیدا لەچەندین سەرچاوەی هەوڵگریەوە کۆبکاتەوە بۆ یارمەتیدانی ئۆپەراسیۆنە تاکتیکیەکانی لە عێراق.ئەمەش ئەزمونێك بوو نیشانیدا کە دەبوو گرنگی زیاتر بدرایە بە هەواڵگری لە دابینکردنی ئارامیی و سەقامگیری .

دوای زیادکردنی هێزەکان، فەرماندە سەربازیەکان تۆڕی هەواڵگری چڕیان دروستکرد بەجۆرێك بتوانن بەسەرکەوتوویی ئۆفیسی هەواڵگری لە بنکە جیاوازەکانەوە پەیوەست بکەن بە ئاژانسەکانی هەواڵگری مەدەنی نیشتیمانی. ئامانج ئەوە بوو سەرچاوەکانی هەواڵگری لە هەموو شوێنەکانەوە بگەیەنن بە فەرماندە سەربازیەکان و ستافی باڵوێزخانەی ئەمریکا لە عێراق کە لەهەوڵی دابینکردنی سەقامگیریدا بوون. جەنەڕاڵ ستانلی ماککریستاڵ، کە دواتر بوو بە فەرماندەی هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانان لە ئەفغانستان، دەڵێ لە ڕێگەی تێلی کۆنفرانسی ڕۆژانەوە ئۆفیسەکانی هەواڵگری و ئۆپەراسیۆنەکان پەیوەست دەبوون بە چەندین سەرچاوەی هەواڵگریەوە کە پێشتر پەیوەستی لەم جۆرە لە شوێنە دوورەکانەوە ئەستەم بوو. لەو بارەیەوە جەنەڕاڵ ستانلی دەڵێ: تا ناوەڕاستی ساڵی ۲۰۰۵، توانرا لینکی ڤیدیۆیی بێ تەل بگاتە بیابانەکانی عێراق و گردەکانی ئەفغانستان. جۆرە ئامێرێکی پەیوەندیمان دروستکرد کە بتوانرێت لە هەموو شوێنێکی جیهانەوە پەیوەندی پێوە بکرێت. ئەو ئامێرانەمان لە باڵوێزخانەکان دامەزراند بۆئەوەی هاوبەشەکانمان بتوانن بەشداربن لە گفتوگۆکان. دواجار هەموو ئەندامێکی فیرقەی کاری ۷۱٤ و هاوبەشەکانمان لە واشنتۆن دەیانتوانی کۆبوونەوەکانمان لەسەر کۆمپیوتەر ببینن و لە ڕێگەی هێدفۆنەوە گوێ بگرن. بەتایبەت کە سەرکەوتنەکانی فیرقەی کاری ۷۱٤ لەبەرەکانی جەنگ ببوونە جێی سەرنج، تا ساڵی ۲۰۰۷

هەواڵگری و ئۆپەراسیۆنەکان کۆڕێکی بێ تەلیان دروست کردبوو هەزاران کەس کە پەیوەندیان بە ئۆپەراسیۆنەکانەوە هەبوو بەشداریان تێدا دەکرد ”.

ڕۆڵی هەواڵگری لە داهاتوودا: پێکهاتەی چەکی تەقلیدی و ناوەکی

سەرەڕای پێشکەوتوویی ئاستی چەکی تەقلیدی، پرسی چەکی ناوەکی بە گرنگی ماوەتەوە. ئەمریکا و وولاتانی تر بەردەوامن لە وەبەرهێنان لە چەکی ناوەکیدا کە بێ گومان ئامانجی سیاسی لە پشتە، سەرەڕای ئەوەی وەك توانای بەرەنگاری نیشاندەدرێت. هەرچەندە بەرپرسانی ئەمریکا دژایەتی خۆیان بۆ بەکارهێنانی چەکی ناوەکی ڕاگەیاندووە، زۆر قسە لەسەر ئەوە دەکرێت کە دەشێ چەکی ناوەکی بەکاربێت بۆ هێرش کردنە سەر هەندێ ئامانجی دیاریکراوی سەخت کە چەکی تەقلیدی کاری تێناکات. ئەم هێرشانەش بە جۆرێك دابڕێژرێن کە کەمترین قوربانی مەدەنی و تیشکدانەوەی ناوەکی لێبکەوێتەوە. کە بێگومان دەبێت زانیاری هەواڵگری زۆر وورد لەبەردەستدا بێت بۆ ئەم جۆرە هێرشانە. بەڵام هەندێ پێیان وایە هەر جۆرە بەکارهێنانێکی چەکی ناوەکی، تەنانەت ئەگەر بۆ پێکانی چەند ئامانجێکی دیاریکراویش بێت، دەبێتە شکاندنی قەدەغەی سەر بەکارهێنانی چەکی ناوەکی و کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنانی چەکی ناوەکی لەدەست دەردەچێت.

ڕۆڵی هەواڵگری لە داهاتوودا: ئۆپەراسیۆنی سەقامگیری و بەگژداچوونەوەی گروپە یاخیەکان

لە سەدەی ٢١ دا، هاوبەشی پێکردنی زانیاری هەواڵگری پێکهاتەیەکی گرنگ و پێویستی ئۆپەرسیۆنەکانە کە لە چەندین سەرچاوەی هەواڵگریەوە ئەو زانیاریانە کۆبکرێنەوە بەمەبەستی زاڵ بوون بەسەر گروپە یاخیەکان و پەرەدان بە هەماهەنگی دبلۆماسی و بنیادی نەتەوەیی (کە لە هەوڵدانی جددی لە پێناو حوکمڕانیەکی بەرپرس و گەشەی ئابووری دا خۆی دەبینێتەوە). هەرچەندە لە ئێستا ئەمریکا پێویستی بە هەوڵی لەو جۆرە نیە، بەڵام لە ئەگەری هەوڵی تازەدا، پێویستە زانیاری لە بەرپرسانی مەدەنی و سەربازی کۆبکرێتەوە لەسەر بنەمانی پەیوەندی کردن بە دانیشتوانی ناوچەکە وەك ئەو ستراتیجەی ئەمریکا پەیڕەوی کرد دوای زیادکردنی هێزەکانی لە ٢٠٠٧. زانیاری لەسەر پێکهاتەی سیاسی و کۆمەڵایەتی وولاتێکی تر هەوڵی کەمتری هەواڵگری پێویستە، چونکە زۆرجار ئەو زانیاریانە لە بەشی مێژوو و زانسیە ڕامیاریەکانی پرۆگرامی خوێندنی باڵا، بەردەستن.

هەوڵی باش شایەنی بەرزنرخاندنە

هەر لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهانیەوە هەواڵگری وەك چەسپ وابووە کە سیاسەتی ئاسایشی نیشتیمان و ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی بەیەکەوە گرێداوە. بێ گومان کۆی تۆمارەکانی هەواڵگری نیشتیمانی بێ

کەموکوڕی نین، بەڵام بەگشتی خزمەتی باشیان پێشکەشکردووە. بۆ نمونە هەواڵگری هاوکاربووە لە بەئەنجام گەیاندنی چەندین ڕێککەوتننامەی نێودەوڵەتی بۆ کۆنترۆڵکردنی چەك، کە بوونەتە هۆی سنوردارکردنی چەکی ناوەکی و دیاریکردنی چوارچێوەیەك بۆ کێبرکێ و هەماهەنگی زلهێزەکان و ڕێگرتن لە پێکدادانی کاولکارانە. هەروەها زانیاری هەواڵگری هاوکار بووە لە بەرەوپێشبردنی توانا سەربازیەکان لە چەکی تەقلیدی وەك جێگرەوەی چەکی ناوەکی، لەکاتێکدا چەکی ناوەکی دەتوانێت لە چرکەساتێکدا زیانێکی کاولکارانە بەدواخۆیدا بێنێت. لەلایەکی ترەوە هەواڵگری پێکهاتەیەکی گرنگی ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و هاوپەیمانەکانی بووە لە جەنگی عێراق و ئەفغانستان، هەروەها لە چەندین ئۆپەراسیۆنی دژ بە تیرۆریستان. ئەگەر لە داهاتوودا ئەمریکا ئۆپەرسیۆنی سەربازی گەورە ئەنجام بدات، هەواڵگری ڕۆڵکی یەکجار گرنگ دەبینێت لە دابینکردنی زانیاری لەسەر شوێنگە و دیاریکردنی ئامانجەکان. هەروەها هەواڵگری ئەرکی گرنگی دەبێت لە هەوڵی ئاوەدانکردنەوە و سەقامگیری لە وولاتانی دەرەوە، ئەگەر لە داهاتوو ئیدارەی ئەمریکا بڕیارێکی لەو شێوە بدات.

ئەم خزمەتانەی هەواڵگری بەرهەمی هەوڵ و ماندووبوونی ژمارەیەکی یەکجار زۆر ئەفسەری هەواڵگرین کە لە ماوەی شەش دەیەدا ڕەنجیان داوە، زۆر جار لە بارودۆخی ئاڵۆز و نالەباردا. ئەوەی مایەی ئاسانکاری بووە تەکنەلۆژیای نوێی چاودێری و شیکردنەوەی زانیاری و تەکنەلۆژیای پەیوەندیەکان بووە، لەگەڵ توانای یەکخستنی زانیاری لەسەرچاوەگەلی جیاوازەوە و گەیاندنی زانیاریەکان لە کاتی خۆیدا بە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەت لەسەرەوەو خوارەوە لە تەواوی جیهاندا. بۆیە بوجەیەکی زۆر بۆ هەواڵگری تەرخانکراوە، هەرچەندە ئەو بوجەیە کەمبوونەوەی بە خۆوە بینوە بەهۆی بوجەی چەکی پێشکەوتووەوە .

ئەگەر بپرسین لەبەرامبەر ئەو بوجەیەدا ئەمریکا چی چنیوەتەوە، یاخود بپرسین ئایا سودەکانی زیاتر بوون لە زیانەکان و ئەو بوجەیەی بەهەدەر دراوە لە هەوڵی ناپێویست و هەوڵی شکستخوارد و جارجاریش پێشێلکاری ئازادیە مەدەنیەکانی هاولاتیانی ئەمریکا، پاساو هەڵدەگرێ؟ وەڵامێکی ڕاستگۆیانە و هاوسەنگ ئەوەیە کە لەبەرامبەر باسکردنی کۆمەڵێك چیرۆکی سیخوڕی و ڕووداوی ئابڕووچوون و ئۆپەراسیۆنی نهێنی کە لە مێژووی هەواڵگریدا زەقکراونەتەوە، دەبێت خزمەتەکانی هەواڵگریش لە بواری سیاسەت داڕشتن و ئۆپەراسیۆنی سەربازیدا بەرز بنرخێنرێن. ئاژانسە هەواڵگریەکان تۆمارێکیان هەیە لە پاڵپشتی سیاسەتی ئاسایشی نیشتیمانی کە بەهیچ پێوەرێك ناکرێ ئەم تۆمارانە وەك میراتی خۆڵەمێش وێنا بکرێن (وەك لە کتێبی The Leagacy of Ashes دا هاتووە)، بەڵکو دەبێت مێژوونووسان و ڕۆژنامەنووسان بە ڕاستگۆییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن.

*د. ڕیچارد بێست خاوەن سی ساڵ خزمەتە لە خزمەتگوزاری توێژینەوەی گۆنگرێسی ئەمریکا، لە نێوان ساڵانی ١٩٧١ بۆ ١٩٧٩ لە ئۆفیسی هەواڵگری هێزی دەریای کاری کردووە. ڕیچارد خاوەن بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری مێژوو لە زانکۆی جۆرج تاون لە واشنتۆن